پێشەکیی کتێبی: کۆتایی عێراق!!!
-------------------

# نابێ ڕۆمانسییانە بڕوانینە ديموكراتيزەكردن و فيدراليزەكردنی عێراق!!!

## هاشم کۆچانی

ڕوخاندنی ڕژێمی بەغداو، لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق لە **9** ی نیسانی **2003** دا، زیاتر لە ماناو نیشانەیەکمان دەخەنە بەردەم:

– گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەمڕۆی جیهان.

– لێکترازاندنی بەرژەوەندییە کۆنەکانی زلهێزانی بەشداربووی شەڕەکە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە.

– سەرهەڵدانی ڕیزبەندییەکی نوێی بەرژەوەندی ئەو زلهێزانە لەگەڵ هێزو گروپی تری ناوچەکە کە پێشتر کەنار خرابوون.

یەکێک لەو هێزو فاکتەرە کەنارخراوانە گەلی کوردستان بوو، کە لە پرۆسەی هەرەسی ئەم دەوڵەتەوە، دەرگا بلۆک کراوەکانی لێکراوەتەوەو ئەو پێشەکییانەی بۆ پەیدابوون کە بتوانێت نەخشەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت و ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کار بکات.

کاتێکیش گۆڕانکارییەکانی عێراق بکرێنە پێشەکی دەستپێکردنی پرۆسەیەکی سەرتاسەریی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ئەگەرە کلۆم کراوەکان زیاتر دەکرێنەوە. پرۆسەی گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبێتە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە مەنفەزبڕەی کە لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا کێشەی کوردستانی تیا بچووک کراوەتەوە. پرۆسەی ڕوخاندن و سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی عێراق، چەندێک قوڵترو بەرینترو و درێژخایەنتر بێت، هێندە زیاتر بواری دەرکەوتنی کوردستان وەک فاکتەرێکی گرنگ لە ناوچەکەدا دەرەخسێنرێت.

ئەگەر هاوپەیمانان بخوازن ئەم پرۆسەیە تا سەر بەرن و بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی بگەیەنن، پێویستە ئەو قوولاییە عەرەبی و ئیسلامییانەی کە دژ بە گۆڕانکارییەکانی ناو عێراقن، لە پێشەوەیان ئێران و سووریاو تورکیاو و سعودیە .. لەناو ولاتەکانی خۆیاندا ئابلۆقە بدەن.

هاوپەیمانان لەبەردەم دووڕێیانێکدان:

یان دەبێ فشارو ئابلۆقەیەکی جدی بخەنە سەر ئیسلامی سیاسی و پاشماوەکانی بەعس و قوولاییە عەرەبی و ئیسلامییەکانیان لە ناوچەکەدا، یان ئەوەتا دەبێ بچنە شەڕێکی داسەپاوی درێژخایەنەوە لە عێراقدا. لە شەش دەوڵەتی دراوسێ و هاوسنووری عێراق، پێنجیان دژایەتی ئەو پرۆسەیە دەکەن کە لە عێراقدا دەست پێکراوە. *

* کارڵ مارکس لە کارە فکریی و فەلسەفەییەکانیدا جەختی لەوە کردبوو کە شورشی سۆسیالیستی دەبێ لە یەک کاتدا لە هەموو جیهان یان لە بەشێک لە ولاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا بەرپابکرێت، تا سەرکەوتن دەستەبەر بکات و سەرمایەداریی جیهان ئابلۆقەی نەدات و بیخنکێنێت. پاشتر لێنین هات و تێزێکی تری تیۆریی خستە ڕوو کە گوایە دەکرێت لە یەک ولاتیشدا سۆسیالیزم سەر بکەوێت، بە تایبەتی ڕووسیای ئەو دەمە کە بەلای لێنینەوە لاوازترین ئەڵقەی سەرمایەداریی جیهان بووە. بەڵام دواتر دوای 7 0 ساڵ دەرکەوت بۆچوونەکەی مارکس دروست بوو. دەمەوێ بڵێم دیموکراتیزەکردنی عێراق و بە سۆسیالیستکردنەکەی ڕووسیای تزار لە گەلێک ڕووەوە پێک دەچن. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئەگەر دەخوازن عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی ، دەبێ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەلات دەست پێبکەن و ئامادەشبن ڕاستەوخۆ بچنە نێو تەنگای فکری (ڕەگەزپەرستیی و بۆچوونی ئیسلامی سیاسیی) زاڵ لە ناوچەکەدا سەبارەت بە مافی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان ژن و پیاوو مافی چارەی خۆنووسین و دیموکراتیزەکردنی حوکمڕانیی. ئەمریکاو بەریتانییەکان پێویستە بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی دیموکراسی بۆ عێراق، بیرۆکەکەی مارکس پێڕەو بکەن و ئەو گۆڕانکارییانەی خستویانەتە عێراقەوە لە ولاتانی هاوسنووری عێراق و تەواوی ڕۆژهەلاتدا ئەنجامی بدەن. ئەگینا ئەو دەوروبەرە عەرەبی و ئیسلامییانەی عێراقی تیا هەڵکەوتووە، ئەوان شەکەت و گۆڕانکارییەکانی ناو عێراقیش لەبار دەچوێنن.. هەروا دەبێ واز لەو گەمەیەش بێنن کە تورکیا وەک کۆپییەکی ئیسلامیی "ڕۆژئاوا" بە خەڵکی ناوچەکەبفرۆشن. چونکە دواکەوتوویی و ڕەگەزپەرستیی و ڕقبوونەوە لە گەلانی ترو دڕندایەتی تورکیا دەربارەی مافی مرۆڤ گشت سنوورەکانی وەقاحەتیان بەزاندووە..

یەکێک لەو مەرجانەی کە بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتی و گڵوبالیزەکردنی ڕۆژهەلاتی ناوین پێویستە، بە تایبەتی لە چوار دەوڵەتەکەدا، بڕیاردانی کێشەی کوردستانە.

سەبارەت بە عێراقیش ئەگەر دابەشبکرێت، یان بکرێت بە دەوڵەتێکی ئیتحادیی، ئەمریکاو بەریتانیا دەبێت بە جیاهەڵکەوتوویی دۆسێی باشووری کوردستان بڕیار بدەن.

دەزگا سیاسی و سەرکردایەتییەکانی کوردستانیش، نابێ هێندە ڕۆمانسیانە بڕواننە فیدرالیزەکردن و دیموکراتیزەکردنی عێراق.

هەرێمی باشووری کوردستان بە پێچەوانەی دوو هەرێمەکەی عێراق، لە ڕوخاندنی ڕژێم و لەو گۆڕانکارییانەی دەست پێکراون، هاوبەرژەوەندو پشتیوانی هاوپەیمانانە.لە هەمان کاتدا فکری فۆندەمینتالیستی ئیسلامیی و ڕقبوونەوە لە ڕۆژئاواو ترس لە ئازادیی و کراوەیی بە ڕووی جیهاندا، لە کوردستاندا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نییە کە هەڕەشە لە ئەمریکاو هاوپەیمانان بکات. هەروا ئەم هەرێمە قووڵاییەکی زیاتر لە **400** هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشەیی و زیاتر لە **30** میلیۆن بەشەریی لە سێ دەوڵەت لە **6** دەوڵەتە دراوسێ و هاوسنوورەکانی عێراقدا هەیە. ئەم قووڵاییەی کوردستان بە پێچەوانەی قووڵاییە عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە، چاوی لەوەیە ئایندەی عێراق و ناوچەکە بە کوردستانیشەوە، ئایندەیەک بێت ئازادیی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و مافی مرۆڤ و دیموکراسی تیا بەرقەرار بێت و، دەڤەرەکە بکات بە بەشێکی چالاکی جیهانی ئەمڕۆ.

ڕاستە گۆڕانکارییەکان بە قازانجی تەواوی گەلانی عێراق و ناوچەکەیە. ئەوەش ڕاستە لە ناو عێراقدا جگە لە هێزە کوردستانییەکان هێزی سیاسی تر هەن کە پشتیوانی لەو گۆڕانکارییانە دەکەن. بەڵام لە عێراق و لە ناوچەکەشدا هیچ گەل و وڵاتێک نییە بە قوورسایی کوردستان و گەلەکەی و بە قووڵایی بەرژەوەندییەکانی ئەمان ئامادەو لە باربن بۆ پرۆسەی گۆڕان لە عێراق و لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانان واز لە ستراتیژیای ئینکارکردنی کوردستان بێنن کەپاشماوەی شەڕی سارده لە سیاسەتی ڕۆژئاوادا ماوەتەوە، وڵاتێکی بەرین و گەلێکی تامەزرۆی ئازادیی دەکەنە دۆستی ستراتیژیی خۆیان.

پرۆسەی گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە ناوچەیەکی داخراوەوە بۆ ناوچەیەکی کراوە، لە ناوچەیەکەوە کە عەقڵی تاریکپەرستیی و فەلسەفەی ملپەڕاندن و کوشتاری بە کۆمەڵ حوکمی تیا دەکات، بە ناوچەیەک کە لەگەڵ بەشەکانی تری جیهانی ئەمڕۆدا هەڵبکات. وا دەخوازێت هەموو لایەن و گروپەکان (ئەمریکاو بەریتانیاو هێزە یەکسانخوازو دیموکرات و سکولاریست و ڕزگاریخوازەکانی کوردو عەرەب) کە بەرژەوەندییان لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە ، چاوێک بە سیاسەتی تا ئێستا پێڕەوکراویاندا بگێڕنەوەو لەگەڵ عێراقدا وەک هەیە مامەڵە بکەن، نەک گیرۆدەی ئەو درۆ گەورەیە بن کە ناوی عێراق بوو، هەشتا ساڵە بووەتە سەرچاوەی ستەم و کۆمەڵکوژی لە ناوچەکەدا.

قسەکردن لەمەڕ بوونی یەک گەل و یەک کولتوورو پیرۆزکردنی سنوورو ستروکتۆرە داتاشراوەکەی عێراق زیاتر وڕێنەیە. عێراقە کۆنەکە دەوڵەتێک نەبوو لەناو خۆیدا گونجاو، هەر بۆیە لە هەشتا ساڵی تەمەنیدا نەبووە نیشتمانی گروپەکانی ناو سنوورەکەی، بەڵکو دەوڵەتێک بوو بەسەر زەمینەیەکی ستەمکارانەو ناکۆک بە مێژوو هەڵچنراو، لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دامەزرا. ئێستاش هەنگاونان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە عێراقدا، پێشەکییەکی سیاسیی و یاسایی ئەوتۆی گەرەکە ئەو هەڵانە ڕاستبکاتەوە کە لە دروستبوونی عێراقە کۆنەکەدا ئەنجامدران و، مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین بۆ هەر سێ گروپە سەرەکییەکە ( کوردو عەرەبی شیعە و سوونە) بڕیار بدات. دەوڵەتی داتەپیوی عێراق یان دەبێ دابەشبکرێ، یان لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی سیاسی ئەو سێ گروپە، سەر لە نوێ دابمەزرێتەوە.

* * *

لە **9** ی نیسانی **2003** دا دەوڵەتە کۆنەکەی عێراق نغرۆ بوو، بەڵام هێشتا یەکلا نەبووەتەوە ئایا عێراقێکی نوێ بە قەوارەو قەڵافاتی جارانییەوە دروست دەبێت، یان نەء!! عێراقی نوێ – ئەگەر دابمەزرێ– چۆن دەبێت و لە چی فۆرمێکدا دەگیرسێتەوە؟ گۆڕانکارییەکان بە هەرچ ئاقارێکدا بڕۆن پێویستە ڕۆڵی کوردستان وەک (طرف) لەو دەوڵەتەدا پارێزراوبێت و تەواوی خاکی باشوور وەک یەکەیەکی سیاسی بەدەستی دەسەڵاتی کوردەوە بێت و لەباری سیاسی وحقوقی و ئابوورییەوە لەگەڵ بەشی عەرەبی عێراق (یان هەردوو هەرێمی شیعەو سوونە)دا یەکسان بێت.

لە عێراقدا دوو خوێندنەوەی جیاواز بۆ مێژوو، دوو کولتووری جیاوازو، دوو بۆچوونی لێک دوور سەبارەت بە دەوڵەت هەن.کولتوورو بۆچوونە زاڵ و دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵگەی عەرەب بەشیعەو سوونەیانەوە، دەوڵەتێکیان دەوێ بۆ ڕاپەڕاندنی پەیامێکی ئایدیۆلۆژی، دیاریکراو، هەر بۆیە ناخوازن دەستکاریی بنەماکانی عێراقە کۆنەکە بکرێت. بەڵام لە کوردستاندا کولتوورو بۆچوونێکی تر زاڵ ودەستڕۆیشتووە سەبارەت بە دەوڵەت. لەم کولتوورەدا دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو پاراستنی سەروەریی گروپ و گەلەکانی ناو ئەو دەوڵەتەیە. هەر بۆیە بە پێچەوانەی کولتوورە زاڵە عەرەبییەکەوە، ئەم کولتوورە کوردییە لە کرانەوە و تێکەڵبوون ناترسێت.

درۆیەکی تری گەورە لە عێراقدا ئەوەیە کە ئینکاری ململانێی نێوان شیعەو سووننە دەکرێت. ئەو ململانێیەی کە بە ئاشکراو نهێنی کاری لەسەر دەکرێت.** ڕاستە عەرەبی شیعەو سوونەنە، سەبارەت بە سەربەخۆیی و مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان یەک هەڵوێستن و دژایەتی ئەو مافانە دەکەن. بەڵام لەوە بترازێ شیعەو سوونە وەک دوو گروپی جیاواز ململانێیەکی توندو ترسناک لە نێوانیاندا هەیەو هەر یەکە لەوان مانەوەی دەوڵەتی عێراقی بەو مەرجە دەوێت کە جڵەوی حوکمڕانییەکەی بە دەست خۆیەوە بێت.

بەڵام ململانێی گەلی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی کۆن و نوێی عێراقدا، دەربارەی ناوەڕۆک و ستروکتۆرو فۆرمی دەوڵەتە، نەک تەنیا بەشداریی لە دەسەڵاتی سیاسیی.

دەوڵەتانی ناوچەکەش بە عەرەب و ئیسلامیانەوە لە هەموو زیاتر تورکیا پشتیوانی لە مانەوەی دەوڵەتی کۆنی عێراق و بنەما ڕەگەزپەرستیی و مەزهەبییەکانی ئەو دەوڵەتە دەکەن. ئەمریکاو هاوپەیمانانیش گەرچی لافلێدان و پرۆژە ڕاگەیەندراوەکانیان لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و پرۆسەی دیموکراسی ڕۆژهەلات و عێراقەوە نزیکە، بەڵام هێندەی پێوەندی بەوانەوە هەبێت، بەرژەوەندییەکانیان چۆن بخوازێت وادەکەن. هەر بۆیە گەلی کوردستان نابێ بەهیچ چەشنێک متمانەی بێ بنج و بنەوان بە ئەمریکاو بەریتانیا بکات. گەلی کوردو دەزگا سیاسییەکانی دەبێ ئەم پێشهاتانەو هیتریشیان لەپێش چاو بێت و کاریان لەسەر بکەن .

دەزگا سیاسییە حوکمڕانەکانی کوردستان، کە ئەمڕۆ داخوازییەکانیان لە چوارچێوەی فیدرالیزمدایەو چاویان لەوەیەعێراق بەرەو ئایندەیەکی دیموکراسی و دەستووریی بڕوات. دەبێ ئەمە وەک سیاسەتی ڕەسمیی کورد تەماشا بکەن، نەک زیاتر. سەرکردایەتی کورد هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر تەنیا سەرمایەگوزاریی لەسەر دیموکراتیزەکردن و فیدرالیزەکردنی عێراق بکات و ئەم پرۆژەیە بە تاقە ڕێگە بۆ چاری کێشەی کوردستان دابنێت. هەر بۆیە نابێت ئەم سیاسەتە بکرێتە سەنگەرێک بۆ ململانێ و دژایەتیکردنی

---

** ململانێی شیعەو سوونە لە عێراقدا وەک قاڵبە سەهۆڵێکە لەناو حەوزێکی ئاودا دانرابێت بەشێکی کەمی بەسەر ئاوەکەوەیەو دەبینرێ بەشە زۆرەکەی کەوتووەتە بنی ئاوەکەوە.

داخوازی و ئامانجی تری گەلی کوردستان. ئەمڕۆ خولیاو مەیلی پاش فیدرالیزمیش هەیە کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکات. دەنگدانەوەی ڕیفراندۆم و ڕاپرسی لە ناوکۆمەڵانی گەلی کوردستاندا یەکێک لە شێوەکانی ئەم سیاسەتە میللییەی گەلی کوردە، کە دەربڕی ڕای گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانە.

ڕاست نییە چیتر خیتاب و خوێندنەوەکانی ئیلیتی ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران، هاوبەرژەوەندی و یەک پاکەتیی کێشەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کەم بایەخ بگرن و خۆ لە فۆرمە داسەپاوەکانی هەشتا ساڵی ڕابردوودا قەتیس بدەن، پێویستە سەرمایەگوزاریی لە سەر تەواوی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بکرێت و، پێشهاتی هەر ئەگەرێکی بە بیردانەهاتووش بکرێ و سەرنجی ڕووداوە تازە پەیدابووەکانی پشت پەردەش بدرێت.

خودی فیدرالیزم ماف نییە، بەڵکو قەواڵەو فۆرمێکە ئەوەی تیایاندا دەنووسرێت و بڕیاردەدرێت دەبێتە ماف، فیدرالیزم لە سەرکەوتووترین نموونەیدا، پراکتیزەکردنێکی نیوەچڵی مافی بڕیاردانی چارەنووسە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، نابێ وەک چاری کۆتایی کێشەی باشووری کوردستان بخوێنرێتەوە. هەروا ناشبێ بکرێتە کۆڵانێکی بنبەست ، چونکە پۆست فیدرالیزمیش هەیە.

بارودۆخی جیهانیی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویانداوەو ڕوودەدەن، دەرگاکانیان بە ڕووی کێشەی کوردستاندا کردۆتەوە، بەڵام داخوا دەزگا سیاسییەکان وەک بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی بە یەکگرتوویی کار دەکەن و خاوەن خیتابێکی فکریی و سیاسی و ڕووناکبیریی ئەوتۆن کە لە جیهانی ئەمڕۆوە سەرچاوە هەڵگرێ، تا بە قوربانییەکی کەمترو بە زەمەنێکی کورتتر، گەلی کورد وەک فاکتەرێکی گرنگ لەسەر خاک و لە وڵاتی خۆیدا لە هاوشانی گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەرکەوێت.

* * *

بابەتەکانی "کۆتایی عێراق" چەند باسێکن بەشێکیان بەر لە ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدادو بەشێکی تریان دوای نغرۆبوونی دەوڵەتی عێراق نووسراون و، هەوڵدانێکە بۆخوێندنەوەی پێشهات و ئەگەرەکانی ئێستاو ئایندەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە.

سێپتەمبەری 2004